# له یادی هاوڕێ مەرزیە فەریقی

هۆ شۆڕشگێری کەڵەگەت
مەلی کەسیرە بوی سەر دەرانەی هونەر
چڵە ڕێحانەی ڕۆحی بەفرینت، ئێستاکە بە بەرۆکی مناڵە هەزارەکانەوەیە.
هاتون لەبەر هەتاوی سرودەکانتا نم نم بتوێنەوە.

شوێنی زرێبارم گرت، بە لرفە بەرەو کەنارەکان  دەهات، بۆ دووری دەڕوانی
بە شوێن شەپۆلە یاخیەکاندا
بن بەرد بە بن بەرد دەیپشکنی.
دار بەڕویەک لەم پەڕی بنارەوە هەرای کردێ،
کە هەر ئێستاکە شەپۆلەکان،
بە پاڵە و پەستۆ لە سەر شان،
بەرەو سیروان کەوتونە ڕێ.
کاروان کوژە بەدەم کەلەوە تا سپێدە، چاوەڕوانی کاروانی بە مێخەک و سملی کرد،
هەر نەگەیشتیە جێ.
تاق تاق کەرەی شەو، تا بەر بەیانی
بە باڵای جوانیدا خوێند، هەر نەهات.
هەموو کوردستان ڕۆ هاتونە گوڵ ئەستێرەیە،
لە سەر دەستان هێور هێور بێتەوە بەرە و نیشتمان،
سۆراغی دەنگت، ڕەنگت، بۆنتمان لە گشت ڕۆبار و چیای سەر ڕێ پرسی
هەر نەبوو
کاتێ شۆڕشگێر هاتەوە بە تەنیا، مناڵێ لە بێشکەدا تێر بۆی گریا

ئەحەد ئەحمەدزادە
٢٠٠٥/٩/٢٢